# نێچیرڤان بارزانی و کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی_زانکۆی سەڵاحەددین

سێیەمین کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024 (Antalya Diplomasi Formu – ADF) بە سەرپەرشتیی سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" و بەهەماهەنگیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و بە بەشداریی 19 سەرۆکی وڵات، 73 وەزیر، 57 نوێنەری نێودەوڵەتی و نزیکەی چوار هەزار و حەوت سەد کەسایەتی لە 148 وڵاتی جیاوازی جیهان، لە یەکی ئازاری ساڵی 2024 دەستی بە کارەکانی کرد. دروشمی کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024 کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، بریتی بوو لە "**پێشخستنی دیپلۆماسی لە قۆناغی قەیرانەکاندا**". بوارەکانی وەکوو جەنگ، تیرۆریزم، کۆچی هەڕەمەکی، دوژمنایەتیی بێگانەکان، دژایەتیی ئیسلام، مەترسییە چاوەڕواننەکراوەکانی ژیریی دەسکرد، گۆڕانی کەشوهەوا، کارەساتە سروشتییەکان و پەتاکان، جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و...، گرنگترین ئەو بابەتانەن کە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024 دەیانخاتە ڕوو. ئامانجی سەرەکیی کۆڕبەندەکە ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار بوو بۆ دروستبوونی بیروبۆچوونی هاوبەش بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەو کێشە و گرفت و قەیرانانەی کە جیهان و ناوچەکە بەدەستییەوە دەناڵێنن.



**"هەینی" (٢٠٢٤/٣/١) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا (٢٠٢٤) لە تورکیا.**

لەم بارودۆخە ناجێگیر و ئاڵۆزەی ئێستا، بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی"

بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024، پەیامێکی گرنگە لە ڕووی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا. هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو گوشارە سیاسی، دارایی، ئابووری و ئەمنییانەوە کە لەلایەن هێزە شیعەکانی عێراقەوە دەستی پێ کردووە بە بارودۆخێکی سەختدا تێ دەپەڕێت، بەڵام هیچ کاتێك نابێت هەرێمی کوردستان بێئومێد بێت و خۆی تەسلیمی ئەمری واقع بکات. بەنێودەوڵەتیکردنی کێشە و گرفتەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا، دەرچەیەکی گرنگە بۆ دەربازبوون لەو گوشار و ناهەقییانەی کە لەلایەن هێزە شیعەکانی نزیك تاران بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ گرنگیی بەشداریکردنی نێچیرڤان بارزانی لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024 لەم شەش خاڵەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

**یەکەم:** سەرەڕای پێشێلکردنی چەندان ماددەی دەستووریی ساڵی 2005 دەربارەی سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراق، بەڵام تا ئێستا هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوەی داوە کە پەرچەکرداری گوشار و ناهەقییەکان بە ڕێگەیەکی دیپلۆماسی وەڵام بداتەوە. ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانەیش لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ، هەرێمی و نێودەوڵەتین. بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندێك کە تیایدا هەوڵ دەدرێت کێشەکان ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، پەیامێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکانیەتی لەگەڵ بەغدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دەستووری عێراق.

**دووەم:** ئەنقەرە بە بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆڕبەندەکە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی خۆی بۆ قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان دووپات کردۆتەوە. واتە بە شێوەیەکی ڕوونتر، تورکیا نایەوێت ڕۆڵ و پێگەی "پارتی دیموکراتی کوردستان" لاواز بێت، چونکە ئەنقەرە "پارتی" بە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی خۆی دەبینێت، کە بنەمای پەیوەندییەکانیان لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو لا بنیات نراوە.

**سێیەم:** پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بابەتێکی گرنگی دیکە بوو، کە لە نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆککۆماری تورکیا لە چوارچێوەی کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024 باس کراوە. ساڵێك زیاترە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاوە و لەم بارەیەوە بەرپرسانی تورکیا ڕایان گەیاندووە کە تورکیا ئامادەیە بۆ دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەوەی تا ئێستا پرۆسەکەی وەستاندووە، حکوومەتی فیدڕاڵیی عێراقە؛ هۆکارەکەیشی بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوشارەکانی تاران، چونکە تاران بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەنقەرە لە کەرتی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکات، جا چ بە شێوەی گەڕان و دەرهێنان، یان بەبازاڕکردنی نەوت و غازی عێراق و هەرێمی کوردستان بێت. ئەنقەرە ئەگەر گوشارەکانی بۆ سەر بەغدا زیاتر بکات، ئەوە لەوانەیە بە ئەگەرێکی زۆر پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە و قۆناغێکی نوێی ئەم پرۆسەیە دەست پێ بکات، چونکە تورکیاش بەهۆی ڕاگرتنی پرۆسەکەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە. پێ دەچێت لە چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆککۆماری تورکیا، بەجددی باس لەم بابەتە کرابێت.

جگە لەمە پێویستە ئەوەیش لەبەرچاو بگرین کە ئەنقەرە هەردەم ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان؛ تەنانەت لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەوە تا وەستانی لە

ساڵی ڕابردوو. بەغدا هیچ کاتێك ڕازی نەبووە نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ کۆنترۆڵ و ڕەزامەندیی خۆی هەناردە بکرێت، بۆیە دەکرێ دوای ئەم قۆناغە، جا یان لە ڕێگەی زیادکردنی گوشارەکان بۆ سەر بەغدا، یانیش بە شێوەی گرتنەبەری ڕێگەچارەیەکی تر بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی یاخود نافەرمی بکرێت. واتا پێ دەچێت ئەنقەرە و هەولێر نەتوانن زیاتر چاوەڕێی گوشارەکانی بەغدا بکەن لەم بابەتە کە بە پاڵپشتیی تارانەوە دەکرێتە سەر هەرێم و، پێشهاتەکان بەرەو ئاراستەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمە لە ئایندەیەکی نزیك و، دەتوانین ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمیش بۆ ئەنتالیا بە هەنگاوێکی جددی دابنێین لەم بوارەدا. بۆیە پێشبینیی دەکرێت لە سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، کرانەوەیەکی بەرچاو لە بابەتی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەدی بکرێت.

**چوارەم:** هەولێر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا ڕووبەڕووی چەندان هێرشی درۆنی و مووشەکی بۆتەوە، کە لەلایەن ئێران و هێزە پرۆکسییەکانیەوە ئەنجام دەدرێن. واتا هەولێر بۆتە ئامانجێکی ڕاستەوخۆی تاران؛ هەرێمی کوردستانیش هەوڵ دەدات ئەم کێشەیە بە ڕێگەیەکی دیپلۆماسی چارەسەر بکات و کار بۆ ئەوە دەکات بارودۆخەکە لەمە زیاتر تەشەنە نەکات. بۆیە لە نێوەندی دۆزینەوەی چارەسەرەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە لە چوارچێوەی کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024، هەرێمی کوردستان لەسەر بەرزترین ئاست- کە “سەرۆکی هەرێم”ە- لەم کۆڕبەندە بەشدار بووە و، بەم شێوەیەیش دووپاتی کردۆتەوە لە ئامادەییی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆك و بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

نێچیرڤان بارزانی لە دووتوێی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرکردە و بەرپرسانی وڵاتان لە کۆڕبەندەکە، جەختی لەسەر بابەتی سەقامگیری و بەرقەرارکردنی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە و جیهان کردەوە؛ ئەمەیش پەیامێکی ڕوونە بۆ تاران لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە کەوا ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان و بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەموو ئەو گرفت و کێشانەی هەن، چارەسەر بکەین.

**پێنجەم:** “پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان” کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە، تورکیا بە عێراق دەبەستێتەوە و ئەم ڕێڕەوە بازرگانییە ماوەی گەیاندن و گواستنەوەی کەلوپەلەکان بەراورد بە ڕێگە بەردەستەکانی دیکە کورتتر دەکاتەوە. ئەنقەرە زۆر جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەکاتەوە. بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەیش هەردوو لا (عێراق و تورکیا) پێویستیان بە هەماهەنگی و یارمەتیی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەت لە ڕووی پاراستنی ئاسایشی پرۆژەکە. بۆیە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنتالیا لەم ڕووەیشەوە پێگە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکەی نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆغان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کراوەتەوە و، بەمەیش ئەنقەرە پەیامی ئەوەی بە بەغدا گەیاندووە، کە ئەم پرۆژە ستراتیژییە بەبێ هەماهەنگی و یارمەتیی هەرێمی کوردستان سەختە سەر بکەوێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا عێراق و تورکیا ڕێک کەوتوون لەسەر کردنەوەی نووسینگەیەکی هاوبەش بە مەبەستی بەدواداچوونی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان. ئەم هەنگاوەیش ئەوە دەردەخات کە تورکیا زۆر بەجددی کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەکات. بەشداریپێکردنی هەرێمی کوردستانیش لەم پرۆژەیەدا لە ڕووی ئابووری و دارایی و سیاسییەوە هەنگاوێکی گرنگ و ستراتیژییە.

**شەشەم:** لایەنی ئەمنی و پاراستنی سەقامگیریی هەردوو لا بابەتێکی تر بوو لەو بابەتانەی کە لە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنتالیا خرایە بەر باس. ئەنقەرە چەندان ساڵە بەدەست بابەتی بوونی چەکدارانی پەکەکەوە لەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، دەناڵێنێ، بۆیە لە هەر کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیدا کە لە نێوان بەرپرسانی تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەوە بەبێ یەك و دوو ئاماژە بە پرسی چالاکییەکانی پەکەکە دەکرێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بەهۆی ئەوەی کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا 2024، ئامانجە سەرەکییەکەی بریتییە لە گەڕان بە دوای ڕێگە دیپلۆماسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، بۆیە لە نێوەندی چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکان ئاماژە بە ڕێگەکانی چارەسەرکردنی دیپلۆماسی و ئاشتییانە بۆ ئەم پرسەیش کراوە. ئەم هەنگاوەی تورکیاش بەبێ هەماهەنگیی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێت.



**شەممە" (٢-٣-٢٠٢٤) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز یاشار گولەر.**
**"وەزیری بەرگریی تورکیا، لە کۆڕبەندی دیپلۆماسیی ئەنتالیا (٢٠٢٤) لە تورکیا**

دەستووری عێراقیش ڕێگە بە هیچ لایەن و گرووپێکی چەکدار نادات بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێی عێراق. واتە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق، دەکرێ هەرێمی کوردستان هاوکاریی وڵاتانی دراوسێی بکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هێرش دەکەنە سەر وڵاتانی دراوسێ. ئەم جۆرە چاوپێکەوتن و بەشداریکردنانە لەم جۆرە کۆڕبەند و کۆنفرانسانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی، زۆر گرنگن بۆ ئەوەی لایەنەکان زیاتر هەماهەنگیی یەکتر بکەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای سەرجەم لایەنەکان و، دەکرێ چاوپێکەوتنی نێچیرڤان بارزانی و یەشار گولەر وەزیری بەرگریی تورکیا لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەمە بەردەوام لەبەرچاو بگیرێت کە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە قۆناغی ئێستادا، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی جیهان لە بەرزترین ئاست ڕابگرێت و بە هیچ شێوەیەك هیچ هەنگاوێك نەنێت کە زیان بەم پەیوەندییانە بگەیەنێت، چونکە تاکە دەرچەی هەرێمی کوردستان بۆ

ڕزگاربوون لە گوشاری لایەنە سیاسییە شیعەکان و تاران بریتییە لە پەرەدان بەم هەوڵ و پەیوەندییە دیپلۆماسییانەی کە لە ماوەی ڕابردودا لەگەڵ وڵاتانی جیهانی بەستوویەتی؛ چونکە ئێستا دەتوانین بڵێین: دۆستی کورد تەنیا چیاکان نین، بەڵکوو لە پاڵ چیاکان، دۆستی هەرێمی و نێودەوڵەتیشی هەن.